
Semper

بەردەوامی بدە بە تەواوکەری خۆراکی لە شەش مانگیەوە

# BabySemp 2
# BabySemp 2 Lemolac
# BabySemp 2 SensiPro

## ئامادەکردن




1. لە مایکرۆوەیڤدا: ئاوە ساردەکەی ناو بوتڵی شیردانەکە بپێوە و بڕی ئاستی دروست شیری پاودەری تێبکە.
2. بوتڵەکە دابخە و ڕایوەشێنە/تێکەڵی بکە هەتا شیرە پاودەرەکە دەتوێتەوە.
3. بەبێ قەپاغەکەی و بە توندی بۆ نزیکەی **40** چرکە بە هێزی تەواو گەرمی بکە.
4. بزانە تێکەڵەکە زۆر گەرم نییە بە دڵۆپاندنی بڕێکی کەم بۆ سەر دیوی ناوەوەی سەر مەچەکت. خۆت تامی بکە پێش ئەوەی بیدەیت بە منداڵەکەت.
5. بە تازەیی دەرخواردی بدە. هیچ پاشماوەیەک هەڵمەگرە.

لە دەفرێکدا: لە دەفرێکدا ڕێژەی دروستی پاودەرەکە لەگەڵ ئاوی سارد بشێوێنە و تێکی بدە و هەتا ئاستی پلەی گەرمی خواردن گەرمی بکە.

## ژەم

گرنگە بڕی دروستی شیری پاودەر بەشێوەیەکی ڕێژەیی بۆ بڕی ئاوەکە بەکاربێنێت. دەکرێت زێدە بەکارهێنانی پاودەر ببێتە مایەی قەبزی. دەکرێت کەم بەکارهێنانی پاودەرەکە ببێتە مایەی کەم وزەیی و بەدخۆراکی منداڵەکەت.

| ئاو | پاودەر | بڕی ژەمەکە |
|---|---|---|
| 60 ملل | 2 پلە | 65 ملل |
| 90 ملل | 3 پلە | 100 ملل |
| 120 ملل | 4 پلە | 135 ملل |
| 150 ملل | 5 پلە | 165 ملل |
| 180 ملل | 6 پلە | 200 ملل |
| 210 ملل | 7 پلە | 235 ملل |
| 240 ملل | 8 پلە | 265 ملل |



قەبارەی عەیارە 8.6 ملل = 4.7 گرام
هەمیشە ئەو عەیارە پلەدارە بەکاربێنە کە لەگەڵ بەرهەمەکەدا هاتووە.

## بەکارهێنان

هەمیشە لەگەڵ بنکەی لەشساغی منداڵاندا ڕاوێژکاری بکە دەربارەی خۆراکی منداڵەکەت. /BabySemp 2 BabySemp 2 Lemolac/BabySemp 2 SensiPro تەواوکەری خۆراکین کە دەبێت تەنها بۆ پاڵپشتی سیستمی خۆراکی ڕوو لە زیادبووی منداڵ بەکاربهێنرێت.

BabySemp 2/BabySemp 2 Lemolac/BabySemp 2 SensiPro تەنها بۆ منداڵانی تەمەن سەرروو شەش مانگ گونجاون و نابێت وەک جێگرەوەیەکی شیردانی سروشتی بەکاربهێنرێن لەماوەی شەش مانگی یەکەمی منداڵەکەدا.

ڕێژەی ترشی BabySemp 2 Lemolac/BabySemp 2 SensiPro نزمە. ئەمەش بەشێوەیەکی بەشەکی پرۆتینەکە دەشکێنێت و نەرمی دەکاتەوە. دەکرێت ئەمە لە گیراوەی ئامادەکراوی BabySemp 2 Lemolac/BabySemp 2 SensiPro دا ببینرێت، بەوەی کەمێک قورس و تۆخە.

لەپێناوی بەدەستهێنانی باشترین کواڵیتی، دەبێت شیری منداڵ بە تازەیی ئامادە بکرێت و لەماوەی یەک کاتژمێردا بەکاربهێنرێت.

**گرنگە:** BabySemp 2 SensiPro هەتا بەرزترین پلەی گەرمی 40 پلەی سەدی گەرم بکرێت. پلەی گەرمی بەرز کاریگەریی کەڵچەری بەکتریایی چالاکی Protectis® *Lactobacillus Reuteri* هەروەک Semper Magdroppar لاواز دەکات.

## بڕەکە چەند زۆر بێت؟

ئەو برانەی لای خواروو نزیکەیین، لەبەرئەوەی منداڵان جیاوازن لەو بڕەدا کە بەکاریدەبەن. خودی منداڵەکە ڕێکی دەخات بە پێی پێویستی چەند وەردەگرێت هەروەها چەند خواردنی ئاسایی وەردەگرێت. بۆیە، دەبێت ئەو خشتەیە وەک ڕێنمایی بەکاربهێنرێت.

| تەمەنی منداڵ | ژمارەی ژەمەکان لە ڕۆژێکدا | ئاو | پاودەر | بڕی ژەمەکە |
|---|---|---|---|---|
| 8-6 مانگ | 3-1 | 210 ملل | 7 پلە | 235 ملل |
| | 4-1 | 180 ملل | 6 پلە | 200 ملل |
| > 8 مانگ | 3-1 | 210 ملل | 7 پلە | 235 ملل |
| | 3-1 | 180 ملل | 6 پلە | 200 ملل |

## ماوەی بەسەرچوون

ڕێکەوتی بەسەرچوونی شیرەکە لەسەر بەشی سەرەوەی پاکەتەکە نووسراوە. دەبێت پاکەتی کراوە لە ماوەی یەک مانگدا بەکاربهێنرێت.

## هەڵگرتن

لە شوێنێکی وشکی تاریکدا و لە پلەی گەرمی ژووردا هەماری بکە. هەمیشە شیرە پاودەرەکە لە پاکەتە ئەسڵیەکەیدا هەڵبگرە. شوێنێکی زیرەکانە دانراوە بۆ عەیارەکە لەناو قەپاغەکەدا.

## هەر پرسیار یان سەرنجێکتان هەیە؟


**پەیوەندیمان پێوە بکە!** Semper AB • تەلەفۆن 00 20 62-020
konsumentkontakt@semper.se
www.semperbarnmat.se


**تەماشای ڤیدیۆی ئامادەکردنەکەی ئێمە بکە (بە سویدی).**




Juni 2020


**توێژینەوە و پەرەپێدان بە ڕاوێژ لەگەڵ پزیشکانی منداڵان**

BabySemp 2/BabySemp 2 Lemolac/BabySemp 2 SensiPro هەڵگری تێکەڵەیەکە لە چەوری شیر و ڕۆنی ڕووەکی کە بە وردیی هەڵبژێردراوە. ڕەنگە منداڵانی کەم تەمەن لە دروستکردنی ڕێژەی پێویستی ترشە چەورییەکانی ئۆمێگا 3 (DHA) و ئۆمێگا 6 (ARA) کێشەیان هەبێت. هەر بەم هۆیەیە، ئەم مادانە لە هەموو بەرهەمەکانی BabySemp 2 لەگەڵ نیوکلیۆتید و GOS (گالاکتۆ-ئۆلیگۆساکارید/ڕیشاڵ) دا هەبن. ئاسن یارمەتی گەشەی سرووشتی هزر و تێگەیشتنی منداڵان دەدات. ڤیتامین دی بۆ گەشەی سرووشتی ئێسکەکان پێویستە، لەکاتێکدا یۆد یارمەتی گەشەی سرووشتی منداڵ دەدات. بەو پێیە BabySemp 2/BabySemp 2 Lemolac/ BabySemp 2 SensiPro بە ئاسن، ڤیتامین D، و یۆد دەوڵەمەند کراوە.

MJÖLKFETT